# کەرکووک و قسەی زل

## بەهروز جەعفەر

لە ماوەی چل بۆ پەنجا ساڵی ڕابردوودا، هەرکاتێك ئێران و ڕژێمی بەعسی پێشوو لەعێراق، لێدوان یان بەرگرییەکی خۆیان بۆ فەلەستینیەکان نیشاندا بێت، ئەوا یەکسەر فشارو کاولکاری زیاتری بەدوای خۆیدا هێناوە بۆ فەلەستین لەلایەن ئەمریکاو ئیسرائیلەوە، ڕووبەری جوگرافی کەرکوك زۆر لە هەموو ئیسرائیل گەورەترە، نەوتی کەرکوك زیاترە لەنەوتی تەکساس و بڕو ماوەی مانەوەشی بەپێی توێژینەوە ئەوروپاییەکان یەدەگی نەوت و غازەکەشی تا (١٣٢) ساڵی ترە، لەکاتێکدا نەوت و غازی ڕۆژئاوا لە وشکبوندایە، ئاشکراشە تا ئەمڕۆ (٨٠%) ووزەی جیهان پشت بەنەوتی خاو ئەبەستێت، ئەی بۆچی ئیسرائیلیەکان وەها خۆیان پێگەیاند کە (٢٢) وڵاتی عەرەبی و چاوترسێن بکەن، کەچی ئێمە تائێستا کۆنە بەعسیەك لەکەرکوك پێڵاوەکەی دائەنات تاوەکو منالی ئەنفالێك بۆی بۆیاخ بکات..؟.ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە کورد نەگەیشتووە بەوەی سیاسەت بکا، بەڵکو تەها بۆ تالانی و قسەی زل ئامادەن.

لەپرۆسەی ئازادکردنی کەرکوکدا، تەمەنم تەنها (١٧)ساڵ بوو، لەنزیك ناوچەی قەرەنجیر بەپرشێك تۆپ گیانم چۆڕەی خوێنی لێ ئەهات، هەتا نەخۆشخانە لەگەڵم بوون، ئیدی هەرچی بەرپرس و کەسایەتی و تەنانەت بەڕێوەبەری خوێندنگاکانیش کە بەتاخم و تفەنگ خۆیان بەستبوو پێشتر چوون بەرەو کەرکوك بۆ تالانی و فەرهوود و بیناداگیرکردن و چەك و پیکاب و ئیڤای عەسکەری و ئینگلاین و... هێنان.تا نوسینی ئەم بابەتەش کەس هەرنەیووت تۆ چیت بەسەرهات..؟.ئەمە حیکایەتێکە پێمان ئەڵێت کەسەرکردایەتی سیاسی کورد بەم نۆپۆزسیۆنەی ئێستاشەوە کە بەمدواییە (١٠٠٠٠٠) هەزار دەنگ زیانی بەقەزیەی کورد گەیاند لەناوچەکەدا، هیچ بەرنامەو کارو پلانێکیان بۆ کەرکوك نەبووەو نیشیانە.ڕەنگە لەزۆر کەس ئەولەیەتتر بین کەقسەلەسەر کەرکوك بکەین، بەڵام دواجار ئەوە ئەرکی هەموو کوردێکە لەهەر کوێی ئەم جیهانەدا خەمێکی جیاواز لەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ کەرکوك بخوات، چونکە هیچ شتێك لەزەمەنی ئێستادا بەقەد کەرکوك و ماددەی "140" فەقیرو داماونییە، گشت کەسێك بەکەیفی خۆی، خۆی پێوە بانەیات، بێ ئەوەی زۆربەی لەبنەڕەتدا هەر مادەی "١٤٠"یشی خوێندبێتەوە.وای لێهاتووە هەر بەرپرسێك لەناو خەڵکدا وەجهێکی ناشرین و نەویستراو بێت لەناکاو بە ڕەتڵێ سەیارەی جام ڕەشەوە خۆی ئەکا بە کەرکوکاو کۆمەڵێك کامێرامان لەگەڵ خۆی ئەبات و دوو قسەی زل و دووسەردان، ئینجا شەو دێت بەدەسکەوت پێمان ئەفرۆشێتەوە.

لەم شەوانە "چاودێرێك"، کە لەهەموو تەمەنیدا چوار جاران کەرکوکی نەبینیووە، ئەیووت" کاکە کورد هەڵەی کردووە، ئەبێت ئیدارەی شاری کەرکوك هانی خەڵکەکە بدات، بچنە قەراغ شارەکەو لای سناعەو باشوری کەرکوك ، بۆئەوەی ببێتە حیزامێك بۆ کەرکوك"..خوا ئاگادارە خەریکبوو بۆی ئەچوومە ناو تەلەفزیۆنەکەوە.نازانم ئەمە لەچ قوڕمساغێکەوە گوێی لێبووە، تا دووبارەی ئەکاتەوە، ئەگەر ئەو بەڕێزە "یەك ملیار"یشی بۆ سەرف بکەن ئامادەیە دەستی ماڵ و منالی بگرێت و خۆی بکات بەحیزام و بچێتە لای صناعەکە و بەرەو خوار..!!.هەرچۆنێك بێت لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە یەکێتی و پارتی ئەم شارەیان بۆخۆیان دوو لەت کرد، تەنانەت لەسەر دانانی فەڕاشی خوێندنگەیەك شەرە تەقەبوو، ئەودەمەی ئێمە سەرپەرشتیاری ڕیزەکانی خوێندکاران بووین، دەیان میللی دەمانچە لەیەك ڕاکێشراوە.بەدوو ئاسایش و دژە تیرۆر و پاراستن و دوو پەروەردەو

یەکێکی بەغداو تەنانەت دوو دائیرەی ئەوقاف و وەقفی سونی و کۆمەڵێ تەجاوزاتەوە هاتن، لەسەرەتاوە بەرەو عەرەبەکان ئەڕۆیشتن و لەکۆتاییدا ڕەو ڕەو ئەهاتن، باشترین نمونە کۆمپانیای نەوتی باکور لەکەرکوک، لە (٢٠٠٤) نزیکەی (٥%)ی کورد بووە، ئێستا لەکۆی (١٧ (هەزار فەرمانبەر تەنها (٢٢٥٠) کەس کوردن، واتا نزیکەی (١٤%) بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیاکەش عەرەبی دەهەزارییە.

ئەمجارە کەرکوک، بارەگا و مەڵبەندی سەرەکی موخابەراتی زۆربەی وڵاتانی جیهانە، بەتایبەتی حزبوڵلا و ئیتڵاعاتی ئێران و میتی تورک.جگە لەوەی مالکیش خەڵکی خۆی هەیە، لەکەیوان و ناوچەکانی تریش هیزی جێگیرکراو هەیە.هێدی هێدی ئەفسەرە کوردەکان لەناوچەکانی دەوروبەر تەصفیە ئەکەن و شەهیدیان ئەکەن و تەهدیان ئەکەن، باوەڕبکەن "مقدم سەرکەوت" لەهەوڵی نەهێشتنی تاوان و تیرۆر لەتاوغ بەو دیوەوە یەک هەفتە پێش شەهیدبونی ئەیووت ":دڵنیام ئەمکوژن و سێ جاریش تەهدیدیان کردووم".ئێستا ئەو ناوچەیەشیان بەزاندووە لەناوچەکانی دۆمیزو حەی عەسکەری و واستی و عروبەو مەمدودەو حەی حەجاج و ڕێی بەغاوە تەسفیەی کورد ئەکەن، و بەموگناتیسێك ئۆتۆمبیلەکانیان ئەبەن بە ئاسمانا، ئیتر باهەر لەدوورەوە بۆ خۆمان بڵێین:"کەرکوك قودس و دڵی کوردستانەو سازشی لەسەرناکەین و."...

**<u>سەرچاوە: هەواڵ</u>**